



فوئاد سدیق

# مرۆڤ و خودا

## ململانێیەك بەرەو كۆتایی

لەوەتەی مرۆڤ چاوی هەڵهێناوە و لە دەوروبەری خۆی ڕوانیوە، هەمیشە بۆ خۆی پەرستگایەکی دروست کردووە بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا پەنای بۆ ببات، چونکە ژیانی مرۆڤ هەمیشە و بەردەوام بەبێ ململانێ تێپەڕ نەبوە. ئەو ململانێیەش زۆر جار وای کردوە ژیانی مرۆڤەکانی خستوەتە بەر مەترسیی لە ناوچوون، جا ململانێیەکە سروشتی بووبێت وەك زریان و تۆفان و بوومەلەرزە و برووسکە و... هتد. یانیش شەڕ و پێکدادان بووبێت لە نێوان خودی مرۆڤەکان. لە هەر دوو دۆخەکەدا مرۆڤ پێویستی بە ئارامگەیەك هەبوە، ئارامگەیەك لە کاتی تەنگانە پەنای بۆ ببات، بۆ ئەوەی دڵنەوایی بە خۆی بدات و وا بزانێت قوتاری دەکات. ئیتر ئەمە بوو بە کەلتوور و یاسا و ڕێسا، بوو بە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان تا گەیشتە ئەو قۆناغەی کە سرووش و ئایەتی ئاسمانی هاتنە خوارەوە و پەرستنی خودا پیرۆز کرا، بەو پێیەی خودا دروستکەری سروشت و مرۆڤە، بەڵام لە ماوەی دوو هەزار و سێ سەد (2300) ساڵی ڕابردوودا (ئەپیقۆرس 341 270- پ.ز.)، وەك یەکەمین فەیلەسووف باسی لە خورافاتی ئایینی کرد و هەنگاوەکانی بەرەو ئەقڵانیەت برد. چونکە ئامانجی ئەپیقۆرس ئەوە بوو ترس لە دڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ بکوژێت و ترس نەهێڵێت و لە شوێنی ترس چێژ دابنێت. بەڕوونی باسی ئەوەی دەکرد کە ئایین و مردن، دوو شتی ئازاربەخشن بۆ مرۆڤ. دەیگوت ڕۆح لە ناو جەستەدایە،کە جەستە مرد ئەویش دەمرێت و هەرگیز زیندوو نابێتەوە.

بۆیە پێی وا بوو کە ئایین بوەتە ترسێك لە دڵی مرۆڤەکان و بەردەوامیش بیر لەو ترسە دەکەنەوە، بۆیە ئەپیقۆرس هەوڵی زۆری دا هەموو ئەو ترس و نیگەرانییانەی لە لای مرۆڤەکانەوە دروست دەبن، بگۆڕێت بۆ بەختەوەری و چێژوەرگرتن، چونکە بە بۆچوونی ئەپیقۆرس ئەوە ئایینەکانن ترس دەخەنە ناو دڵی مرۆڤەکان، نەك خودا. زۆربەی ئایینەکان بۆ هەڕەشەکردن لە مرۆڤ هاتوونەتە ئاراوە. ئەم ململانێیە کە لە ئەپیقۆرسەوە ڕاشکاوانەتر لە فەیلەسووفانی پێش خۆی دەستی پێ کرد تا سەردەمی (مارکس و نیچە) بەردەوام بوو، بەڵام ئەم دوو فەیلەسووفە مەزنە (مارکس و نیچە) بەرهەمێکی ئەوتۆیان داهێنا، ئیتر وردەوردە ململانێکە بە بەرژەوەندیی ئەقڵانیەت کۆتایی هات و ئێستا هێزی مانەوەی ئایینەکان زۆر کز بوە، تەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوو، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێکە زۆر بەتوندی بەردەوامە، دەنا لە ئەورووپا و ڕۆژئاوادا بە شێوەیەکی گشتی ململانێیەکی ئەوتۆ بەر چاو ناکەون.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا، هەوڵمان داوە بەوردی باس لە گەشەی مرۆڤ بکەین، مرۆڤ چۆن گەشەی کرد؟ چۆن خودای ناسی؟ چۆن وشەی (اللە)ی دۆزییەوە؟ کێ بوو یەکەم جار ئەو ناوەی بە کار هێنا؟ سەرچاوەی ئەو ناوە (اللە) لە چییەوە هاتوە ؟... هتد. کاتێك توانیمان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە زۆر بەئاسانی دەتوانین بگەین بەو ڕاستییەی کە ئایین چییە.

## گەشەی مرۆڤ

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی شوێنەوارناسان و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان، مێژووی مرۆڤایەتی بۆ پێنج (5) ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەو کات مرۆڤ لە جۆر و شێوەی مەیموونی شەمپازیدا بوو، واتە مرۆڤ و مەیموونی شەمپازی لە یەك باپیرەوە پەرەیان سەندوە، باشترین نموونەیش بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە سەرەتاوە لە جۆرێك لە جۆرەکانی مەیموونی شەمپازی بوو، ئەوەیە کە خوێن و کرۆمۆسۆمەکانی مرۆڤ و مەیموون یەك جۆر و شێوەن. جیناتەکانی مرۆڤ و مەیموونی شەمپازی بە ڕێژەی کەمێك زیاتر لە 99% وەك یەکن. ئەو 1%ەی لە جیاوازییەکانیاندا دەمێنێتەوە، بریتییە لە ئایین و زمان و هزرە پەتییەکان، مرۆڤ لە سەرەتاوە ئەو مرۆڤە نەبوە کە ئێستا دەیبینین، بەڵکوو بە چەندین قۆناغدا تێپەڕ بوە تا گەییشتوەتە ئەو مرۆڤەی ئێستا، جگە لە ژینگە جوگرافیایەکەی و جۆری خواردنەکانی کە شێوەی مرۆڤەکانی لە یەك جوودا کردوەتەوە. مرۆڤەکان لەگەڵ مەیموونی شەمپازی وەچەی یەك باپیرەن، تاکە جیاوازییەك هەبووبێت لە نێوانیان ئەوە بوە مرۆڤەکان هەستیان بە کەمێك جیاوازیی خۆیان کردوە لە بەرانبەر شەمپازییەکاندا، بۆیە هەوڵیان دەدا خۆیان لەوان جوودا بکەنەوە و بۆ خۆیان گرووپێکی تایبەت بە خۆیان دروست کردبوو. واتا ئەوەندە زۆر تێکەڵ بە مەیموونەکان نەدەبوون، بەڵکوو وەك گرووپێك پێکەوە دەهاتن و دەچوون، چونکە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بوە، تا ئێستایش هەر بەم جۆرە ماوەتەوە. وەك چۆن مێروولە و هەنگ و باڵندەکان بوونەوەری کۆمەڵایەتین، مرۆڤیش بە هەمان شێوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و زۆر ئەستەمە بتوانێت بەتەنیا هەڵبکات.

دوای زیاتر لە سێ ملیۆن ساڵ، کاتێک باشتر هەستیان کرد، ئەوان جیاوازن لەگەڵ جۆرەکانی تری ئاژەڵان و تەنانەت مەیموونەکانیش، ئیتر بیریان لەوە کردەوە، ڕوو بکەنە ناو ئەشکەوتەکان و لەوێ ژیان بە سەر بەرن. ئەم ژیانەی مرۆڤ کە لەگەڵ مەیموونی شەمپازیدا بوە، نیو ملیۆن ( 000 500) ساڵی خایاندوە، تا بەتەواوی لە مەیموونی شەمپازی دابڕاوە. کەواتە مرۆڤ ماوەی پێنج سەد هەزار (000 500) ساڵ ژیانی خۆی بە سەر بردوە، نەیزانیبوو تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاژەڵ و مەیموونی شەمپازی جیاوازترە، چونکە مرۆڤ لە ماوەی ئەو پێنج سەد هەزار ساڵە هێشتا زمانی قسەکردنی نەکەوتبوە گۆ، واتا هێشتا فێری قسەکردن نەببوو. زماندروستکردن کارێکی هێندە ئاسان نییە. واتە مرۆڤ لە ماوەی پێنج سەد هەزار ساڵ هەستی بە ترس نەکردوە، وەك چۆن منداڵێك کە تەمەنی یەك مانگە هەست بە ترس ناکات، بەڵام کاتێك تەمەنی دەگاتە پێنج مانگ وردەوردە هەست بە ترس دەکات، مرۆڤیش لە سەرەتاوە بەم شێوەیە بوە کە نیو ملیۆن ساڵی خایاندوە. ئەم ژیانەی ناو ئەشکەوتەکانیش بە ملیۆن ساڵی زیاتر خایاند، چونکە مێژووی چاخی بەردینی کۆن بۆ نیو ملیۆن (000 500 ) ساڵ دەگەڕێتەوە. کەواتە مرۆڤ لە ناو ئەشکەوتەکاندا بوو کاتێك لە

هەورە تریشقە و برووسکە و لە بارانی بەخووڕ و لە تاریکەشەوی زستان و لە لافاو ترسی لێ نیشتوە. تۆژینەوەکان باس لەوە دەکەن هەر ئەو ترسلێنیشتنە بوە وای لە مرۆڤ کردوە ڕوو بکاتە نێو ئەشکەوتەکان تا خۆی لە ڕێژنەی باران و برووسکە و گرمەی هەور و لافاو بپارێزێت. کەواتە لێرە هەستی مرۆڤ جیاواز بوە لە هەستی مەیموونی شەمپازی، بۆیە بەتەواوی خۆی لە هەموو جۆرە ئاژەڵێك جیا کردوەتەوە، هەر بۆیە لە ترسی خۆیان و بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، بە پێی ئەقڵیەتی ئەو کات هەر کەسە و یەکێك لە باران و برووسکە و گرمەی هەور و لافاو... هتد دەپەرست، ئیتر کاتێك بیریان دەکردەوە، هەموو ئەو شتانەی وەك بارانی بەخووڕ و برووسکە و گرمەی هەور و... هتد هەموویان لە ئاسمانەوەن، ئەوانیش بیریان بۆ ئەوە چوو، کەواتە هێزێکی تر هەیە ئەم هەموو شتانە دەجووڵێنێت و بە کاریان دەخات، بۆیە هەموویان وردەوردە ڕوویان لە ئاسمان کرد، بۆ ئەوەی بیانپارێزێت، ئاسمانیان دەپەرست بێ ئەوەی بزانن ئەم هێزە لە کوێی ئاسمانەوەیە، بێ ئەوەی بزانن خودی ئەم هێزە لە چیدایە و کامەیانە، چونکە ترس ببوە هۆی ناسین و پەرستنی ئەم ئاسمانە، جگە لە ترس هیچ سۆز و خۆشەویستییەکی تێدا نەبوو.

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ خۆی لە مەیموونی شەمپازی جوودا کردوەتەوە، مێشکی مرۆڤ سێ هێندەی جاران گەشەی کردوە، ئەمەیش زمان هۆکارێکی بنچینەیی بوە، بۆ ئەو گەشەکردنە، بەڵام گرفتی مەیموونی شەمپازی ئەوە بوە، کە توانای قسەکردنی نەبوە، بۆیە ئاستی گەشەکردن و پێشکەوتنەکەی زۆر سنووردار بوە.

## جوگرافیای گەشەی مرۆڤ

مرۆڤایەتی بە چەندین شەپۆل و قۆناغی جوودا جوودا ڕەتبوە، بەپێی زۆربەی تۆژینەوە زانستییەکان مرۆڤایەتی سەرەتا لە ئەفەریقا بوە، واتا ئەفەریقا یەکەم لانەی مرۆڤایەتی بوە لە مێژوودا، ماوەیەکی زۆر، کە خۆی لە زیاتر لە 3 ملیۆن ساڵ دەدات، هەر لە ئەفەریقادا ماونەتەوە و بۆ هیچ شوێنێك گوزەریان نە کردوە، بەڵام پێش 2 ملیۆن ساڵ تا ملیۆنێك و شەش سەد هەزار ساڵ پێش ئێستا، مرۆڤ بیری لە کۆچ کردوەتەوە، بۆ یەکەم جار بەشێکی زۆری ئەو مرۆڤانەی ئەفەریقا بەرەو باکووری ئاسیا ڕۆیشتوون،

**مرۆڤ لە سەرەتاوە جۆری خۆراکەکەی هەمان ئەو خۆراکە بوە کە ئاژەڵانی تر خواردوویانە، بەتایبەت مەیموونی شەمپازی، کەواتە مرۆڤ لە سەرەتاوە ڕووەکخۆر بوە و لە سەر خواردنی گژوگیا و ئەو شتانە وەستاوە. لە قۆناغی ڕاوکردنیدا پەنای بردوەتە بەر خواردنی گۆشتی ماسی، دەنا ماوەیەکی یەکجار زۆر لە مێژووی خۆیدا تەنیا ڕووەکخۆر بوە، نەك گۆشتخۆر**

ئیتر لە باکووری ئاسیا ژیاون تا نزیکەی 300 تا 400 هەزار ساڵ پێش ئێستا، ئینجا خۆیان لە ئەورووپا جێگیر کردوە و لەوێ ماونەتەوە. ئەم قۆناغەیە کە پێی دەگوترێت مرۆڤی نیاندەرتاڵ. مرۆڤی نیاندەرتاڵ تەواو لە مرۆڤی ئاسایی جیایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر مرۆڤی نیاندەرتاڵ کە لە 300 تا 400 هەزار ساڵێك پێش ئێستا دەستی پێ کردبێت و ئەوەندە لە مرۆڤی ئاسایی جوودا بووبێت، ئەی باشە دەبێت مرۆڤی کۆن و دێرین کە لە پێنج ملیۆن ساڵەوە دەستی پێ کردوە، دەبێت ئەوان چۆن بووبن! لە کاتێکدا ئەو مرۆڤانەی کە بە شێوەی جەستە لە مرۆڤی ئاسایی دەچوون، مێژوەکەی تەنیا بۆ 200 هەزار ساڵێك پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. کە هێشتا هەر لە قۆناغی مرۆڤی نیاندەرتاڵدا بوونە، بەڵام ئەم قۆناغە دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك ئینتیقالی بوە، بۆیە ماوەی پەنجا هەزار ساڵێك پێش ئێستا مرۆڤ بە ڕەفتار مرۆڤ دەر کەوتوە، چونکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا تەنیا پەنجا هەزار (50000) ساڵە کە قسە دەکات و توانای پەیوەندیکردنیان لەگەڵ یەکتری هەبوە و جۆرێك لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییشیان بۆ خۆیان لە نێوان خۆیاندا دروست کردوە. ئا لێرەوە مرۆڤی مۆدێرن سەری هەڵداوە، واتا مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤی مۆدێرن تەنیا بۆ 50 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، کە وردەوردە هەوڵی داوە زمانێکی تایبەت بۆ خۆی دروست بکات و قسەی پێ بکات. کەواتە قۆناغ و سەردەمی چاخی بەردینی کۆن Paleolithic تەنیا (500 000) ساڵ بوە، بەڵام چاخی بەردینی نوێ Neolithic ئەو سەردەمە بوە کە مرۆڤ زمانی جووڵەی تێ کەوتوە. هەموو ئەو مرۆڤانەی پێیان دەگوترێت مرۆڤی مۆدێرن، کاتێك لە ئەفەریقاوە کۆچیان دەست پێ کردوە و گەییشتوونەتە ئەورووپا ژمارەیان لە (150) کەس زیاتر نەبوە. هەموو مێژووی مرۆڤایەتییش لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بۆ (50) هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، کە لە ئەفەریقاوە بۆ ئەو نیمچە دوورگەی عەرەبییە کۆچیان کردوە و پەرت و بڵاو بوون، پێش ئەم مێژوە نیمچە دوورگەی عەرەبی مرۆڤی تێدا نەژیاوە. بەکورتی مرۆڤایەتی لە ئەفەریقا لە شێوەی مرۆڤی دێرین سەری هەڵداوە، دواتر کۆچیان کردوە بۆ چین لەوێوەیش بۆ گینیای نوێ و ئینجا بۆ ئوسترالیا و بۆ ئەورووپا و باشووری ئەمەریکا و... هتد. سەرچاوەی مرۆڤایەتی بریتی بوە لە دانیشتوانی ئەفەریقا، کە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی نزیکیش کۆچیان کردوە، دواتر گەییشتوونەتە ئەورووپایش. ئەوانەی لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە دەژین مێژوەکەی لە 50 هەزار ساڵ کەمترە کە لە ئەفەریقاوە بۆی هاتوون، کە ئەو کات ژمارەی کۆچڕەوەکان زۆر کەم بوە.

گەشەی مرۆیی لە بارەی ڕەنگ و جەستە و رووخسارییەوە بەپێی ژینگە و جۆری خواردنەکانی شێوەی خۆی وەر گرتوە، وەك دەبینین مرۆڤی ئەفەریقایی زۆر زۆر جیاوازە لەگەڵ مرۆڤی ئەورووپایی، شوێنە ساردەکان مرۆڤی سپیپێست و ناسك و پرچزەرد و چاوشین دێننە بەرهەم، کەچی لە ناوچە گەرمەسێرەکان بە پێچەوانەوە مرۆڤی ڕەشپێست و چاوڕەش و پێستئەستوور و پرچڕەش دێننە

بەرهەم. ئەو شوێنانەی نە گەرم نە سارد کەمێك فێنکە، مرۆڤی لە شێوەیەکی تر دێنێتە بەرهەم کە لە هەر دوو جۆر و شێوەکەی تر جیاوازترە. واتا ژینگە چەند ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی ڕەنگ و ڕووخسار و کەسایەتیی مرۆڤەکان، بە هەمان شێوە جۆری خۆراکیش هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی ڕووخسار و کەسایەتی و... هتد.

مرۆڤ لە سەرەتاوە جۆری خۆراکەکەی هەمان ئەو خۆراکە بوە کە ئاژەڵانی تر خواردوویانە، بەتایبەت مەیموونی شەمپازی، کەواتە مرۆڤ لە سەرەتاوە ڕوەکخۆر بوە و لە سەر خواردنی گژوگیا و ئەو شتانە وەستاوە. لە قۆناغی ڕاوکردنیدا پەنای بردوەتە بەر خواردنی گۆشتی ماسی، دەنا ماوەیەکی یەکجار زۆر لە مێژووی خۆیدا تەنیا ڕوەکخۆر بوە، نەك گۆشتخۆر. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە هەموو ئەو گیانەوەرانەی گۆشتخۆرن ڕیخۆڵەکوێرەیان زۆر درێژە، بۆ نموونە کەروێشك، چونکە ڕووەکخۆرە ڕیخۆڵەکوێرەی کورتە، بەڵام مرۆڤ چونکە لە سەرەتاوە گۆشتخۆر نەبوە، بەڵکوو ڕوەکخۆر بوە و دواتر بوە بە گۆشتخۆر (واتە لە ئەسڵدا گۆشتخۆر نەبووە)، بۆیە وردەوردە ڕیخۆڵەکوێرەی بچووك و کورت بوەتەوە، بەڵام هیی کەروێشك وەک خۆی ماوەتەوە، چونکە هەر ڕوەکخۆرە، نەك گۆشتخۆر. لەبەر ئەوەیە دەبینین ڕیخۆڵەکوێرەی مرۆڤ زۆر کورتە، واتە مرۆڤ لە بنەڕەتدا ڕووەکخۆر بووە.

ماوەی ژیانی مرۆڤ لە ئەشکەوت یەك جار درێژخایەن بوە، چونکە بەردەوام لە گەوارە و ڕەهێڵەی باران و برووسکە و تریشقە ترساوە و خۆی لە ئەشکەوت ناوە، کاتێك کە باران و بەفر و لافاو و برووسکە و تریشقەی پەرست، لە ڕووی دەروونییەوە کەمێك ئارامتر بووەوە، بۆیە لە ئەشکەوت هاتە دەر و ڕووی کردە ڕۆخ ڕووبار و دەریاکان، لەوێ کەپری بۆ خۆی پێکەوە نا و تێیدا ژیا، ئەمەیش قۆناغێکی زۆر درێژە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، تا ئەو کاتەی مرۆڤ بیری لەوە کردەوە باشترین شت بۆ خۆپاراستن لەو مەترسییانەی کە هەن، وەك برووسکە و ڕەهێڵە و... هتد، ئەوەیە خانوو دروست بکەن، ئەوە بوو گوندیان دروست کرد و تێیدا کۆ بوونەوە. دوای قۆناغی گوند، شارۆچکە، پاشان شار دروست کرا. مرۆڤ ماوەیەکی زۆر درێژ لە گوند ماوەتەوە، بۆیە بە پێی بۆچوونی زانایان مێژووی مرۆڤایەتی تەنیا 12 هەزار ساڵە لە گوندەوە ڕووی لە شار کردوە و شاری دروست کردوە. لەگەڵ دروستکردنی شار و شارۆچکەدا زمانیش گەشەی خێرای بە خۆیەوە بینی. واتا دەتوانین بڵێین گەشەی زمان لە مێژووی مرۆڤەکاندا لە 12 هەزار ساڵ زیاتر نییە، لە ڕێگای زمانەوە خێڵ و نەتەوە دروست بوە. کە دەڵێین نەتەوە مەبەستمان خێڵ و بنەماڵەیە. دروستبوونی خێرای زمانیش بە هۆی کاری کشتوکاڵییەوە بوە، کە زمان بەخێرایی گەشەی کردوە. کەواتە بەکورتی:

12000 دوازدە هەزار ساڵ کەمترە مرۆڤ لە گوند دەر چوە، شارۆچکەی دروست کردوە.

12000 دوازدە هەزار ساڵە زمان گەشەی کردوە.

50000 پەنجا هەزار ساڵە نەتەوە دروست بوە.

12000 ساڵە، مرۆڤ کاری کشتوکاڵیی کردوە.

## ئایین

هەمـوو زانایانـی شوێنەوارناسـی و ئەنترۆپۆلۆژیسـتەکان، هەماهەنگـن لـەوەی کـە هـەر لـە سـەرەتای ژیانـی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتییـەوە ئاییـن هاتوەتـە نـاو کۆمەڵـگا بەرایییەکانی مرۆڤایەتـی. واتـا تـا ئێسـتا هیـچ کۆمەڵگایەکـی دێرینیـان نەدۆزیوەتـەوە کـە بەبـێ ئاییـن بوويێـت. بـە مرۆڤەکانـی نیاندەرتاڵیشـەوە، بـەڵام دوو بۆچـوون هەیـە لـەوەی ئاخـۆ ئاییـن بـۆ توندوتیـژی هاتـوە یـان بـۆ یەکگرتنـەوە؟ بەشـێکی زانایـان پێیـان وایـە ئاییـن هۆکارێـك بـوە بـۆ پەرەسـەندنی توندوتیـژی و قووڵکردنـەوەی ململانێـکان و تێکچوونـی هاوسـەنگیی کۆمەڵایەتـی. لـە ڕاسـتیدا هـەر دوو بۆچوونەکـە ڕاسـتە، ئاییـن بـۆ یەکگرتنـەوەی بـە کۆمەڵـی بـوە، تـا لـە ژێـر چەتـری ئـەو بیروباوەڕەی کـە نـاوی ئاییـن بـوە کـۆ ببنـەوە و هـاوکار و هەماهەنـگ بـن، بـەڵام ئەوەیـش ڕاسـتە کـە ئاییـن دواتـر بوەتـە هێمایەکـی بەهێـز بـۆ ئـەوەی خەڵکـی تـر بهێنێتـە ژێـر ئـەو چەتـرە، دەسـتیان بـە گرتـن و دەستبەسـەرداگرتن و کوشـتن و بڕینێکـی زۆر کـرد، ئایینی ئیسـلام و هێرشـەکانی بـە نـاوی فتوحاتەکانـەوە، نموونـەی زۆر زەقن. سـەرهەڵدانی ئاییـن لـە سـەرەتادا، هیـچ گومانێکـی دروسـت نەکردبـوو، چونکـە لەگـەڵ نزمـی ئاسـتی وشـیاریی خەڵکەکـەدا دەگونجـا، بۆیـە تـەواوی کۆمەڵـگاکان جۆرێـك لـە ئاییینیـان بـۆ خۆیـان دروسـت کردبـوو، بـەڵام دوای ئـەوەی ئاییـن نەیتوانـی لەگـەڵ پێشـکەوتنی ژیانـی مرۆڤایەتـی بـەردەوام بێـت، ئیـتر وردەوردە گومـان دروسـت بـوو، لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئیسلامیشـەوە ئاییـن گومانـی تێـدا بـە دی دەکـرا، وەك هەندێـك کـەس خۆیـان لـە پێغەمبـەر بـە شـیاوتر دەزانـی بـۆ پێغەمبەرایەتـی، بـەڵام نەیاندەتوانـی بـە شـێوەیەکی زانسـتیانە ڕووبـەڕووی ئـەو ئایینـە ببنـەوە، چونکـە ئـەو کاتیـش هێشـتا مرۆڤایەتـی لـە قۆناغێکـی زۆر بـەرزدا نەبـوو، بەتایبـەت نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی کـە دانیشـتوانەکەی زیاتـر لـە شـێوەی کۆچـەری (بـدو) دابـوون، تەنانـەت تـا ئێسـتایش لـە هەندێـك شـوێنی وڵاتانـی عەرەبـی ئـەم شـێوە ژیانـی کۆچەرییـە هـەر مـاوە. بۆیـە وردەوردە گومـان تـا دەهـات بەهێزتـر دەبـوون، چ لـە قۆناغـی ڕێنیسـانس، چ لـە قۆناغەکانـی دواتـر تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات. ئێسـتا نـەك هـەر گومانـەکان بەتـەواوی پەرەیـان سـەندوە، بەڵکـوو بـە شـێوەیەکی زانسـتی ئاییـن ڕەت دەکرێتـەوە. لـەم چەنـد سـەدەی دواییـدا زۆر مەزهـەب و ئایدیۆلۆژیـای تـر دروسـتبوون بـۆ ئـەوەی هەسـتی خەڵکـی ببزوێنـن و هێزێکـی یەکگرتـوو تۆکمـە بـۆ خۆیـان پێکـەوە بنێـن، وەك هـزری ناسـیۆنالیزم کـە بسـمارك و ناپلیـۆن و هیتلـەر و تـا دەگاتـە سـەدام حوسـێن پەیڕەوییـان لـێ دەکرد. هەروەهـا هـزری مارکسـیزم بـە هەمـان شـێوە بـوو.

## دروستبوونی مرۆڤ بەپێی زانست و ئایین

بەپێـی ئایەتەکانـی قورئـان، مـرۆڤ لـە لـە قـوڕ دروسـت بـوە، هەندێـك جاریـش دەڵێـت لـە قوڕەشـینێکی بۆگـەن دروسـت بـوە. بـا بـەوردی بڕوانینـە ئـەو ئایەتانـەی کـە باسـیان لـە دروسـتبوونی مـرۆڤ کـردوە...

ولقَـدْ خَلَقْنَـا الإِنْسَـانَ مِـنْ صَلْصَـالٍ مِـنْ حَـمَإٍ مَسْـنُونٍ (الحجـر 26)

واتـا : ئێمـە مرۆڤـمان لـە قوڕەڕەشـی بۆگەنـی وشـکبوەوە دروسـت کـردوە .

وإذ قَال ربُّـكَ لِلْمَلائِكَـهِ إِنِّـى خَالِـقٌ بَـشَرًا مِـنْ صَلْصَـالٍ مِـنْ حَـمَإٍ مَّسْـنُونٍ (الحجـر28 ) واتـا: كاتێـك خـوا بـه فریشـتەكانی گـوت: وا مـن مرۆڤـم لـه قوڕەڕەشـی بۆگەنـی ڕەقبـووەوە دروسـت كـرد

إذ قَال ربُّـكَ لِلْمَلائِكَـهِ إِنِّـى خَالِـقٌ بَـشَرًا مِـنْ طيـنٍ (ص 71) واتـا: كاتێـك خـوا بـه فریشـتەكانی گـوت: وا خەریكم مرۆڤێـك لـه قـوڕ دروسـت دەكـەم

قَـال مَـا مَنَعَـكَ أَلَّا تَسْـجُدَ إِذْ أَمَرْتُـكَ قَـال أَنَـا خَيْـرٌ مِّنْـهُ خَلَقْتَنِـي مِـن نَّـارٍ وخَلَقْتَـهُ مِـن طيـنٍ ( الاعـراف 12 ) واتـا: گوتـی كـه فەرمانـم پـێ دای بۆچـی سـوژدەت نەبـرد؟ گوتـی مـن لـەو باشـترم، منـت لـه ئاگـر دروسـت كـردوە، ئەویشـت لـه قـوڕ دروسـت كـردوە.

قَـال لَمْ أَكُـن لِّأَسْـجُدَ لِبَـشَرٍ خَلَقْتَـهُ مِـن صَلْصَـالٍ مِّـنْ حَـمَإٍ مَّسْـنُونٍ (الحجـر 33 )

گوتـی: مـن سـوژدە بـۆ مرۆڤێـك نابـەم كـه لە قوڕەڕەشـی بۆگـەن دروسـتت كردبێت

إِنَّـا خَلَقْنَـا الْإِنسَـانَ مِـنْ نُطفَـهٍ أَمْشَـاجٍ نَبْتَلِيـهِ فَجَعَلْنَـاهُ سَـمِيعًا بَصِيـرًا (الانسـان 2) واتـا: ئێمـه مرۆڤـمان لـه تنۆكێكـی تێكەڵـبوو دروسـت كـرد تـا تاقیـی بكەینـەوە، گـوێ و چاویشـمان پـێ بەخشـین.

له سورەتی (الطارق)یشدا دەڵێت:

فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ مِمَّ خُلِقَ (5)

بـا مـرۆڤ سـەیری خـۆی بـكات كـه لـه چـی دروسـت بـوه...

خُلِقَ مِنْ مَاءٍ دَافِقٍ (6)

واتـا: لـه ئاوێكـی پچرپچـری بەلێشـاو دروسـت كـراوە... لێره مەبەسـتی پرۆسـەی جووتبوونەكەیـە...

يخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ والتَّرَائِبِ (7)

واتا: له نێوان بڕبڕەی پشت و خوار مل دێته دەر

وإِذْ أَخَـذ رِبُّـكَ مِـن بَنِـى يـدَمَ مِـن ظُهُورِهِـمْ ذريتَهُـمْ وأَشْـهَدَهُمْ عَلـى أَنفُسِـهِمْ أَلَسْـتُ بِرَبِّكُـمْ قَالُـواْ بَلـى شَـهِدْنَا أَن تَقُولُـواْ يـوْمَ الْقِيامَـهِ إِنَّـا كُنَّـا عَـنْ هَـذا غَافِلِيـنَ (الاعـراف 172)

واتـا: ئەوسـا خـوای تـۆ لـه پشـتی نـەوەی ئـادەم بنەچەی بەرهـەم هێنـا و خۆیـان شـاهیدییان لـه سـەر خۆیـان دا، گوتـی ئـەی مـن خوداتـان نیـم؟ گوتیـان بەڵـێ ئێمـه لـەوە ئاگاداریـن، نـەكا ڕۆژی دوایـی (قیامـەت) بڵێـن نەمانزانـی... بزانـه لێـره دەڵێـت لـه پشـتی بنەچـەی بەرهـەم هێنـا...

سـەرچاوەی ئـەم ئایەتـە، لـەوەوە دروسـت بـوە، كـه پێشـتر واتـا ( 2500) سـاڵ پێـش ئێسـتا واتـا پێـش ئایینـی موسـایی، پزیشـكانی یۆنانـی بڕوایـان وا بـوو، ئـەو سـپێرم(مەنی)ە، لـه مۆخـی مرۆڤەكانـەوە سـەرچاوەی گرتـوە و پاشـان دێتـه نـاو بڕبـڕەی پشـت و لەوێشـەوە دەچێتـه گورچیلـه و گـون و لـه میـزەڕۆوە دەكرێتـه دەرەوە . بـۆ نموونـە: Hippocrates .

لـه (تەورات)یشـدا خـودا بـه یەعقـوب دەڵـێ، پاشـاكان زۆربەیـان لـه (پشـتی) تـۆ هاتونەتـە بـوون. كەواتـه لـه سـەردەمی فیرعەونـەكان پێیـان وا بـوە كـه پیـاو سـپێرمەكەی لـه نـاو مۆخییـەوە دروسـت دەبێـت و لەوێـوە دێتـه پشـت و دێتـه خـوارەوە، بـەڵام چ لـه سـەردەمی موسـا و ئایینەكـەی، چ لـه سـەردەمی پێغەمبـەری موسڵمانانیشـدا، هەموویـان لـه سـەر ئـەو بۆچوونـه بـوون كـه ئـەو سـپێرمەی پیـاو لـه پشـتی پیـاو دروسـت دەبێـت، لـه كاتێـكدا دەمێكـه زانسـت ئـەوەی سـەلماندوە كـه سـپێرمی پیـاو لـه پشـت یـان لـه مـۆخ

دروست نابێت، بەڵکوو گون سپێرم دروست دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئەی چۆن خودا لە قورئاندا بە یەك تاکە ئایەتیش ئاماژەی بۆ گون نەکردوە، کەچی چەندین جار ئاماژەی بۆ پشت کردوە. خودایەك خۆی مرۆڤی دروست کردبێت، چۆن نازانێت سپێرمی پیاو لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت!

## پێغەمبەرایەتی بە مەرجی بنەماڵەیی و پاشایەتی

خاڵێکی زۆر گرنگ لە بارەی پێغەمبەرایەتی هەیە، کە لە دوای ئیبراهیم پێغەمبەرەوە، هەموو ئەوانەی بوونەتە پێغەمبەر تەنیا لە چەند بنەماڵەیەکی کەم بوون و هەر هەموویشیان پاشا بوونە، واتە حوکمڕان بوون، هەموو ئەو بنەماڵانەی پێغەمبەریشیان لێ هاتوەتە بەرهەم، لە نەوەی ئیبراهیم بوونە یان کوڕ و باوك و برازا و ئامۆزا و کوڕی ئامۆزای یەکتری بوون، هەر هەمووشیان لە یەك ناوچەی جوگرافیدا ژیاون و پێغەمبەرایەتییشیان کردوە، باوك مردوە کوڕەکەی یان برازاکەی بوەتە پێغەمبەر لە هەمان کاتدا بوەتە پاشاش.

هەر بۆ نموونە: عەرەب دەچنەوە سەر ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم، ئیسماعیلیش لە هاجەری کۆیلە لەدایك بوە، دواتر هاجەر هاتوەتە یەمەن و... هتد. ئیسماعیلیش کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەرە، ئیبراهیمیش دەچێتەوە سەر سام، سام کوڕی نوحە، نوح مامی ئیبراهیمە، ئیبراهیم مامی لوگە، ئیبراهیم بە دە (10) پشت دەچێتەوە سەر ئادەم. داود پێغەمبەریش کە بە داود پاشا ناوبانگی دەر کردوە، چونکە پاشایەکی ستەمکار، زۆر ستەمکار بوە، کوڕی یەهودایە، یەهودا زڕ برای یوسف و کوڕی ئیسحاقە، ئیسحاقیش کوڕی ئیبراهیمە، داود باوکی سلێمان پێغەمبەر بوە، کە هەم پێغەمبەرایەتییەکەی هەم پاشایەتییەکەی بۆ سلێمان جێ هێشت!... هتد

کەواتە زۆربەی هەرە زۆری پێغەمبەرەکان دەسەڵاتی دونیاییان هەبوە و پاشا بوونە، ئینجا بوونەتە پێغەمبەر؛

داود پاشا پێغەمبەر داود

سلێمان پاشا سلێمان پێغەمبەر... هتد.

لەمانەیش خراپتر دانانی سلێمانە بە پێغەمبەر و بە پاشا، چونکە سلێمان بە ڕاسپاردە و وەسیەتی داودی باوکی بوەتە پاشا و پێغەمبەر، ئەم ڕاسپاردەیەیش لەبەر ئەوە بوو تا براکەی تری سلێمان نەبێتە پاشا و پێغەمبەر، چونکە سلێمان لەگەڵ براکەی کە لە دوو دایکی جیاوازدا بوون، پێك ناکۆك بوون، ئەم ناکۆکییە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە سلێمان بوو بە پێغەمبەر و پاشا و دەسەڵاتی خۆی سەپاند، براکەی خۆی کوشت تەنیا لەبەر ئەوەی نەوەك ڕۆژێك لە ڕۆژان براکەی زەفەری پێ ببات و تۆڵە لە سلێمانی برای بکاتەوە، بۆیە سلێمان کوشتی.

مێژووی مرۆڤ

بە پێی زانست مێژووی مرۆڤایەتی بۆ پێنج (5) ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام بەپێی مێژووی ئیسلام، مێژووی مرۆڤایەتی تا ئێستا دەوروبەری ناگاتە حەفت هەزار (7000) ساڵ. واتا هەموو مێژووی مرۆڤ لە ئادەمەوە تا محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام

تەنیا (5800) ساڵە. لەوێوەیشەوە تا ئەمڕۆ تەنیا (1400) ساڵە، کەواتە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بەپێی ئایین تەنیا لە شەش هەزار و هەشت سەد (6800) ساڵ زیاتر نییە، لێرە من بەکورتی ماوەی نێوان پێغەمبەرەکانم دەستنیشان کردوە، کە لە ئادەمەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام.

نێوان ئادەم و نوح تەنیا 1500 ساڵە

نێوان نوح و ئیبراهیم تەنیا 1000 ساڵە

نێوان ئیبراهیم و موسا تەنیا 800 ساڵە

نێوان موسا و مەسیح تەنیا 1500 ساڵە

نێوان مەسیح و محەمەد تەنیا 600 ساڵە

ئەمە هەمووی دەکاتە تەنیا 5400 ساڵ

لە محەمەدیشەوە تا ئێستا تەنیا 1400 ساڵە

کەواتە هەموو مێژووی مرۆڤ تەنیا 6800 ساڵە.

لێرە چەند پرسیارێکی گرنگ دروست دەبێت، کەواتە هەموو زانایانی بایۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژیستی تەنانەت فسیۆلۆژیش دەبێت بچنەوە ماڵەوە و کۆتایی بە زانستەکەیان بهێنن، چونکە لە ماوەی ئەم ماوە کورتە کە تەنیا (6800) ساڵە، مرۆڤ چۆن زمانی پژا؟ چۆن ئەم هەموو قۆناغەی وەك کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆیلایەتی و ڕاوشکار و کشتوکاڵ و... هتد بڕی؟ مرۆڤ چۆن توانیی بەم ماوەیە ژمارەی دانیشتوانی بەم جۆرە زیاد بکات، ئەگەر هەر ژنێك سالانە چوار منداڵیشی بوو‌بێت، هەر ناگات بەو ژمارەیە، چ جای ئەوەی جاران خەڵك بە هۆی نەخۆشی و بێدەرمانی دەمردن و چارەسەر نەبوو. ئەی چۆن توانیی ئەم هەموو زمانە دروست بکات؟ ئەی چۆن ژمارەی دانیشتوان لە تەنیا ئادەم و حەواوە گەیشتە ئەم هەموو ژمارەیە بێشوماره؟ چۆن توانیی بە نێو ئەم هەموو گۆی زەوییەدا پەرشوبڵاو ببێتەوە؟ لە ئوستراڵیاوە بۆ ژاپۆن و لەوێوەیش بۆ ئەفەریقا و ئینجا هەردوو ئەمەریکا و کەنەدا و ...هتد.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ئادەم بە زمانی سۆمەری قسەی کردوە، بەڵام سۆمەرییەکان لە سەرەتادا خۆ سۆمەری نەبوون، بەڵکوو کۆمەڵێك گرووپی جیاجیا بوون و یەکیان گرت و نەتەوەی سۆمەرییان پێك هێنا و دواییش ڕووخێنران. کەواتە مێژووی سۆمەرییەکانیش بۆ سەدان هەزار ساڵ ناگەڕێتەوە، لە لایەکی تریشەوە ئادەم چۆن، کە لەدایك بوو یەکسەر بە زمانی سۆمەرییەکان قسەی کردوە، خۆ بەر لە ئادەم هیچ گرووپ و کۆمەڵگایەکی تری مرۆڤایەتی لە سەر زەوی نەبوە، ئەی چۆن یەکسەر بەو زمانە قسەی کرد؟ خۆ ئەگەر قۆناغی سۆمەرییەکانیش بژمێرین، بۆمان دەر دەکەوێت. بێگومان مێژووی ئادەم زۆر کۆن نییە و ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مرۆڤی نیاندەرتاڵیش، ئەگەر مێژووی ئادەم ئەوەندە کورت بێت، ئەی چۆن لە ماوەی ئەو شەش هەزار ساڵە ئەم هەموو زمانە پژا و بڵاو بوونەوە؟ خۆ زماندروستکردن و بلاوکردنەوەیان کارێکی وەها سانا نییە، ئەی لە ماوەی ئەو شەش هەزار ساڵەدا ژمارەی دانیشتوان چۆن بەم جۆرە گەشەی کرد و پەرەی سەند؟ لە ڕاستیدا زانست بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم ئاراستە فیکرییەدا یەك ناگرێتەوە و ناتوانن بە شێوەیەکی زانستییانە بیسەلمێنن.

## ژمارەی پێغەمبەرەکان:

بەپێی سەرچاوە ئیسلامییەکان و بەپێی فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام، ژمارەی پێغەمبەرەکان 124 هەزار پێغەمبەر بوە، لە ئیبراهیمەوە کە بە باوکی پێغەمبەرەکان ناو دەبرێت، تا دەگاتە کۆتا پێغەمبەر کە ئەویش محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامە. کاتێك لێیان پرسیوە، ئەی پێغەمبەری خودا، ژمارەی پێغەمبەرەکان چەندن، محەمەدیش دەڵێت هەمووی (124000)پێغەمبەرن! ئەو ژمارەیە (124000) ژمارەیەکی یەکجار زۆر و خەیاڵی و باوەڕپێنەکراوە، لەبەر چی؟ چونکە ژمارەی هەموو دانیشتوانی میسر و میزۆپۆتامیا، (بێگومان میزۆپۆتامیا لە بابل و خوار بەغداوە دەگرێتەوە تا بەشێکی کوردستانی تورکیا و شام و ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئەم هەرێمە فراوانە هەمووی پێی دەگوترا میزۆپۆتامیا)، ژمارەی دانیشتوانی ئەم میزۆپۆتامیانە لەگەڵ میسر بە هەموویان، پێش لەدایکبوونی مەسیح تەنیا پەنجا هەزار (50000) کەس بوە، بەڵام لە وڵاتی چین پێش لەدایکبوونی مەسیح ژمارەی دانیشتوانیان گەیشتبوە شەش ملیۆن (6.000.000) کەس، بەڵام یەك پێغەمبەریشیان نەبوە کە وەحی لە لایەن خوداوە بۆ هاتبێت. ئەمە پرسیارێکی زۆر جیددییە کە بۆچی لە ناوچەی میزۆپۆتامیا و میسر کە ژمارەی دانیشتوانیان تەنیا پەنجا هەزار (50.000) کەس بوە، کەچی (124000)پێغەمبەری بۆ نێرراوە، بەڵام لە وڵاتی چین کە ژمارەی دانیشتوانیان بە (15) پازدە ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح گەیشتوەتە شەش ملیۆن کەس، کەچی یەك پێغەمبەریشیان بۆ نەنێرراوە، ئەم پرسیارە پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی زانستی و لۆژیکی هەیە، دوور لە سۆز و عاتیفەی ڕووت و دوور لە گوفتاری نائەقڵانی.تەنیا لە قورئاندا ناوی بیستوپێنج (25) پێغەمبەر هاتوە. تەنیا لە سورەتی ئەنعام، هەژدە (18) پێغەمبەر ناوی هاتوە.

## بەپیرۆزکردن

سەرەتای بەپیرۆزکردن لە لایەن مرۆڤەوە، مێژوویەکی یەکجار دوورودرێژی هەیە، بۆ یەکەم جار لەوەوە سەرچاوەی گرت، کاتێك مرۆڤ دەمرد، کەسوکار و نزیکەکانی ئەو مردوە، شتە زۆر پڕ بەها و دەگمەنەکانی ناو ماڵی خۆیان لەگەڵ مردوەکە دەناشت، واتە لەگەڵ مردوەکەیان دەبردە ناو گۆڕەکەوە، ئەوەیش لەبەر خۆشەویستیی ئەو کەسە بوو کە مردوە، تەنانەت گۆڕەکەیشیان بە شتی گرانبەهای ئەو کات بۆ دەڕازاندەوە، بۆ نموونە زۆر جار زێڕ یان هەر شتێکی گرانبەها و جوانیان هەبوایە لەگەڵ مردوەکەیان دەخستە ناو گۆڕەوە، خۆی تەوتەمیزم لەو بەپیرۆزکردنەوە سەری هەڵداوە. لە تاجیکستان، گۆڕستانێك هەیە کە ئەو گۆڕستانە پێی دەگوترێت تاجیکتاش، لەم دواییەدا لەم گۆڕستانە پێنج قۆچی مامزیان دۆزیوەتەوە کە کاتی خۆی لەگەڵ مردوو ناشتوویانە. لە ئەشکەوتی شانەدەریش کۆمەڵێك کەلوپەلیان دۆزیوەتەوە کە لەگەڵ مردوو ناشتبوویان، چونکە یەکەم جار کە مرۆڤ دەمرد لە ناو ئەشکەوتەکاندا دەنێژران، بەو پێیەی شوێنێکی ئارامە و دوورە لە تۆفان و برووسکە

و بـاران و تەنانـەت دڕندەیـش. ئینجا گۆڕەکەیـان بـە شـتی جـوان دەڕازانـدەوە، تەنانـەت زۆر جار کـە مـرۆڤ دەمـرد پێـش ناشـتنەکەی، ڕەنگیـان دەکـرد، ئەمەیـش هـەر بـۆ مەبەسـتی جوانکردنـی مردووەکـە بـوو، ئـا لێرەوەیـە بەپیرۆزکـردن سـەری هەڵـدا. شوێنەوارناسـان و زانایانـی بایۆلۆجـی دەستنیشـانی ئەوەیـان کـردوە، ئـەوەی لـە نـاو ئەشـکەوتەکاندا دۆزراونەتـەوە مێـژووی زیاتـر لـە سـەدان هـەزار سـاڵە، لـە کاتێکـدا ئەوەمـان لـە بیـر نەچێـت بەپێـی ئایینـی ئیسـلام مێـژووی هەمـوو مرۆڤایەتـی کـە لـە ئادەمـەوە دەسـت پـێ دەکات تـا هاتنـی محەمـەد و لـە دوای محەمەدیشـەوە تـا ئێسـتا ناگاتـە شـەش هـەزار و هەشـت سـەد (6800) سـاڵ! ئەمـە جێـگای هەڵوەسـتەکردنێکی جیددییـە و پێویسـتی بـە یەکلاکردنـەوە هەیـە، چونکـە مێـژووی ڕازاندنـەوەی مـردوو لەگـەڵ گـۆڕی مـردوو، لـە سـەردەمی مرۆڤـی نیاندەرتـاڵ هەبـوە، کـە مێژووەکـەی سـەد هـەزار (100.000)سـاڵ پێـش لەدایکبوونـی مەسیحە. لـە لایەکی تریشـەوە هـەر بـۆ ئـەم بەپیرۆزکردنـە بوو،کاتێك کەسـێك دەمـرد خەڵکـە نزیکەکانـی قوربانییـان بـۆی پێشـکەش دەکـرد، ئەمـە لـە مێـژووی یۆنانـی و ڕۆمانـی و یەهـودی و هیندۆسـییەکاندا هەبـوە، تـا گەییشـتە ئـەو ڕۆژەی ئیبراهیـم پێغەمبەریـش خەریـك بـوو ئیسـماعیلی کـوڕی سـەر ببڕێـت، بـەڵام دوایـی لـە قوربانیدانـی مرۆڤـەوە گـۆڕرا بـۆ قوربانیدانـی مەڕومـاڵات. ئیبراهیـم کارێکـی یەکجـار باشـی کـرد، کـە ئـەو نەریتـەی گـۆڕی مـرۆڤ بکرێـت بـە قوربانـی، بەڵکـوو لـە جیاتیـی مـرۆڤ بـا ئاژەڵێـك مەڕوماڵاتێـك بکرێـن بـە قوربانـی، ئیـتر ئایینـی ئیسـلامیش پەیـڕەوی لـێ کـردوو، تـا ئێسـتا بـەردەوام قوربانـی پێشـکەش دەکرێـت و ئـەو ڕۆژەی ئیبراهیـم ڕێـگای لـە بەقوربانیکردنـی مرۆڤـەکان گـرت، ئیـتر ئـەو ڕۆژەیـش پیـرۆز کـرا و تـا ئێسـتا هەمـوو سـاڵێك بـۆ ئـەم یادەوەرییـە جەژنـە و خەڵکـی جەژنانـە لـە یەکـتری دەکـەن، کـە بـە جەژنـی قوربـان نـاوی ڕۆیشـتوە، بـەڵام نابێـت ئەوەمـان لـە بیـر بچێـت، پێـش ئیبراهیـم ئـەو نەریتـە لـە لایـەن خەڵکـی یۆنـان و هیندۆسـەکانەوە پیـادە و پەیـڕەوی لـێ کـراوە.

ئـەو واقیعـە تاڵـەی لـە ناوچـەی میزۆپۆتامیـا و دواتریـش بـا بڵێیـن لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەبـوە، واقیعێکـی یەکجـار دژوار بـوە، ئەوەتـا ژمـارەی زۆری پێغەمبـەرەکان هـەر تەنیـا لـە لایـەن محەمـەد پێغەمبـەری موسـڵمانانەوە باسـی لێـوە نەکـراوە، بەڵکـوو تەنیـا لـە میزۆپۆتامیـادا نـاوی چـوار هـەزار (4000) پێغەمبـەر تۆمـار کـراوە. ئـەو هەمـوو ژمارەیـە بـۆ پێـش سـەرهەڵدانی ئایینـی موسـایی دەگەڕێتـەوە. ئێسـتایش ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پـڕ ئاژاوەتریـن و پـڕ کێشـەترین ناوچەیـە لـە سـەر ئاسـتی جیهانـدا. هیـچ ناوچەیـك نادۆزیتـەوە، هێنـدەی 20%ی ڕۆژهەڵتـی ناوەڕاسـت پـڕ بووبێـت لـە شـەڕ و کوشـتن و تەنانـەت چەکـە کۆکوژەکانـی ڕووسـی و ئەمەریکـی و... هتـد لـەو ناوچەیـە بـە کوشـتنی مرۆڤـەکان تاقـی دەکرێنـەوە.

## ناوی خودا (الله) چۆن دروست بوو؟

بەپێـی هەمـوو سـەرچاوەکان، سـەرەتا ئەفسـانەی سـۆمەرییەکان لـە شـوێنی فیکـر و فەلسـەفەدا هەبـوە و کاری خـۆی کـردوە، واتـا بـەر لـەوەی فەلسـەفە هەبووبێـت ئەفسـانە ڕۆڵـی گرنگـی لـە ژیانـی گەشـەی

فیکری مرۆڤایەتیدا بینیوە، هەر وەك ئۆگۆست کۆنتیش جەختی لە سەر کردوەتەوە و ژیانی مرۆڤایەتیی بە سەر سێ قۆناغدا دابەش کردوە، ئەفسانە، فەلسەفە، زانست.

بۆ یەکەمین جار ئەفسانە، لە لایەن سۆمەرییەکانەوە برەوی سەند و ئینجا دواتر لە یۆنانیش گەشەی زۆری بە خۆیەوە بینی، واتا ئەفسانە بۆ یەکەم جار لە ناوچەی میزۆپۆتامیا گەشەی کردوە، ئینجا بۆ وڵاتانی تر بڵاو بوەتەوە، تا بە یۆنانیش ڕادەگات. بۆیە ناوی یۆنان دەهێنین، چونکە یۆنان لە ئەفسانە گەییشتە قۆناغی زۆر بەرز، بێگومان لە فەلسەفەیش بە هەمان شێوە لە یۆنان سەری هەڵدا و گەشەی کرد، وەك بێرتراند ڕاسلی فەیلەسووف دەڵێت، هەموو کۆمەڵگای فیکری مرۆڤایەتی قەرداری یۆنانە، چونکە یۆنان فەلسەفەی خولقاند. مارتن هایدگەیش دەڵێت، هەموو فەیلەسووفەکانی دوای ئەفلاتوون، لە دامێنی ئەفلاتونەوە لەدایك بوون، یان لە ناو پانتۆڵەکەی ئەفلاتووندا هاتوونەتە دەر.

کەواتە بۆ یەکەمین جار لە ناو سۆمەرییەکاندا و لە ڕێگای ئەفسانەوە، باس لە خوداوەند کراوە، کە هێشتا مێژوویەکی زۆر دووری مابوو بۆ سەرهەڵدانی ئایینێکی ئاسمانی، بەڵام وشەکە ناوی خودا یان الله نەبوو، بەڵکوو بە چەندین ناو و بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە، ئینجا وردەوردە وشەی الله چەسپاوە، بۆ نموونە خودای سۆمەرییەکان، ناوی (Uruk) بوو، ئەم (Uruk)ە، خودای خوداکان و خودای ئاسمان بوو لە شاری ئۆروك Anu، بەڵام (Sin) سین خودای مانگ بوو. هەروەها بابار خودای هەتاو بوو لە شاری لارسا (Larsa )، ئئا( Ea (یان ئین کی (Enki ) خودای ئاو بوو، لە شاری ئەریدۆ (Eridu). هەروەها ئین لیل Enlil خودای ژێر زەوی و خودای شەڕ بوو لە شاری نیپور. نین تورا Nintura کوڕی ئین لیل بوو لە شاری لاگاش. (ئین لیل)خودای ژێر زەوی و خودای شەڕ بوە لە شاری نیپور، لە هەمان کاتدا خودای تەواوی میزۆپۆتامیایش بوە، کە مێژوەکەی بۆ 3000 ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە. واتا مێژوەکەی (5000)ساڵ پێش ئێستاکەیە. بێگومان کاتێك بۆ مێژووی نووسین دەگەڕێینەوە، دەبینین هەموو مێژووی نووسین ناگاتە شەش هەزار (6000) ساڵ، بەڵکوو لە دەوروبەری پێنج هەزار و پێنج سەد (5500) ساڵ کەمێك زیاتر یان کەمترە.

کەواتا لە نێو ئەم هەموو خودایەدا، دوو خودا هەبوون کە لە هەموو خوداکان گرنگتر و مەزنتر و پرشکۆتر بوە، ئەویش یەکێکیان خودای ئاروك (Uruk) بوە، کە خودای خوداکان و خودای ئاسمان بوو، ئەویتریشیان خودا ئین لیل Enlil بوە، کە خودای ژێر زەوی و خودای شەڕ بوو لە شاری نیپور. واتە یەکێکیان خودای خوداکان و خودای ئاسمان بوە، ئەویتریش خودای ژێر زەوی و خودای شەڕ بوە، واتا خودای هێزیش بوە. ئەم دوو خودایە گەورەترین و سەرەکیترین خودا بوون لە لایەن خەڵکەکەوە. خودای ئین لیل یەکەمین جار و یەکەمین ناو بوە کە سەرچاوەی کێشا بۆ گەییشتن بە ناوی الله. واتا ئین لیل بە تێپەڕبوونی کات وردەوردە گۆڕانکاریی تێ دەکەوێت، کە ئێستا بەوردی دێینە سەری.

خـوداى ئيـن ليـل لـە ناوچـەى ميزۆپۆتاميـادا و لـە سـەردەمى سـۆمەرييەكان و تـا هاتنـى ئايينـى موسـايى (تـەورات) و دواى هاتنـى تەوراتيـش هـەر ڕۆڵێكـى گـەورەى هەبـوە لـە ژيانـى خەڵكـى هەرێمەكـە. ئەمـە سـەرەڕاى ئـەوەى سـۆمەرييەكان خاوەنـى چـوار هـەزار (4000) خـودا بـوون، بـەڵام ئيـن ليـل لـە هەموويـان گەورەتـر بـوە، كاتێـك بـۆ يەكەميـن جـار ئيمپراتۆرێـك لـە ناوچـەى ميزۆپۆتاميـا بـە نـاوى (سـەرجۆنى ئەكـەدى (2340-2384)پ.ز) دروسـت دەبێـت، پەلامـارى سـۆمەرييەكان دەدات و شـەڕێكى سـەخت دەكەوێتـە نێـوان سـۆمەرييەكان و ئەكەدييـەكان، بـەڵام لـە ئەنجامـدا سـەرجۆنى ئەكـەدى بـە سـەر سـۆمەرييەكاندا زاڵ دەبێـت و سـۆمەرييەكان لـە دەسـەڵات نامێنـن، بـە لـە ناوبردنـى ئـەو سيسـتمەى سـۆمەرييەكان، بـەو كات خوداكانيشـيان لـە نـاو دەبـرران، واتـا كاتێـك خێڵێـك يـان نەتەوەيـەك لەگـەڵ خێـڵ و نەتەوەيەكـى تـر بـە شـەڕ دەهاتـن، كاميـان تووشـى شكسـت بهاتبـان، خواكانيشـيان تووشـى شكسـت دەبـوون و ئـەو هێـزەى سـەر دەكـەوت چ خودايەكـى بپەرسـتبايە ئيـتر ئـەو خودايەيـش سـەر دەكـەوت. جـا بـە ڕووخانـى سـۆمەرييەكان، گەورەتريـن خوداكەيشـيان، كـە ئيـن ليـل بـوو، گۆڕانكاريـى بـە سـەر ئـەو خودايـە هـات، چـۆن ؟ كاتێـك سـەرجۆنى ئەكـەدى (سـەرجۆنى ئەكـەدى بـۆ دوو هـەزار و چـوار سـەد ساڵ 2400 ساڵ پێـش لەدايكبوونـى مەسـيح دەگەڕێتـەوە، سـەرجۆنى ئەكـەدى جگـە لـەوەى يەكەميـن ئيمپراتـۆر بـوە لـە مێـژوودا، يەكەميـن ئيمپراتۆريشـە كـە توانيـى هەمـوو ئـەو نەتەوانـەى وەك سـۆمەرى و ئەكـەدى و بابلـى و...

هـتـد بيانـكات بـە يـەك، توانيشـى بـۆ مـاوەى سـەد 100 سـاڵ لەگـەڵ كـوڕ و بـرا و برازاكانـى حوكمڕانـى بكـەن) بـە سـەر سـۆمەرييەكان سـەر كـەوت، دەيزانـى گەورەتريـن خـودا لـەم ناوچەيـە ئيـن ليلـە، بۆيـە ئيـن ليـل وردەوردە گۆڕانكاريـى تـێ كـەوت، تەنانـەت هەمـوو خوداكانـى تريـش لـە ماوەيەكـى مێژوويـى دووردرێـژدا ناوەكانيـان گۆڕانكاريـى تـێ دەكـەوت، ئـەم خودايـە ئيـن ليـل، ئەويـش بـە تێپەڕبوونـى كات و لـە ئەنجامـى ئـەم هەمـوو شەڕوشـۆڕە گۆڕانكاريـى تـێ كـەوت. ئيـن ليـل بـە كۆمەڵێـك گۆڕانكاريـدا ڕەت بـوە، بـەڵام سـەرچاوەى گەيشـتن بـە نـاوى اللە لێـرەوە سـەرچاوەى گرتـوە، كـە وشـەى ئيـن ليلـە، چـۆن؟

بـۆ يەكەميـن جـار (ئيـن) خـوداى سـاميەكان بـوو، كاتێـك سـاميەكان دەسـتيان بـە سـەر سـۆمەرييەكاندا گـرت، ئـەو خودايـەى سـاميەكان كـە نـاوى (ئيـن) بـوو، ڕاسـتەوخۆ كـرا بـە خـوداى سـۆمەرييەكانيش، چونكـە هـەر خێـڵ و نەتەوەيـەك كـە سـەر بكەوتبـا بـە سـەر خێـڵ و نەتەوەيەكـى تـردا، تەنيـا بـارى سيسـتمى ئابـوورى و كۆمەڵايەتـى و سياسـى نەدەگـۆڕرا، بەڵكـوو سيسـتمى ئايينيشـيان گـۆڕانـى بـە سـەردا دەهـات. سـەرجۆنى ئەكـەدى كـە يەكەميـن ئيمپراتـۆر بـوو، بـە سـەر سۆمەرييەكانيشـدا سـەر كـەوت، ئيـتر خـۆى لـێ بوو بـە خـودا، خـۆى وەكـوو خودايـەك بـە خەڵـك دەناسـاند. ئـەم هـزر و بيرۆكەيـە بـوو، زۆرێـك لـە ئيمپراتۆرەكانـى تـا سـەدەى شـازدە و حەڤـدەى زايينيـش خۆيـان بـە نوێنـەرى خـوا دەناسـاند. لـە چەشـنى لويسـەكانى فەرەنسـا و چارلسـەكانى بەريتانيـا و هنريـەكانـى ئەڵمانيا و قەيسـەرەكانى ڕووسـيا و... هتـد.

لەگـەڵ دەستبەسـەرداگرتنی سـۆمەرییەکان لـە لایـەن ئەکەدییەکانـەوە، بەناچـاری سـۆمەرییەکانیش نـاوی خوداکانـی خۆیـان بـۆ خـودای سـامییەکان گـۆڕی. ئـل نـاوی خـودای خوداکانـی سـامییەکان بـوو، ببـوو بـە جێنشـینی ئانـۆ. سـەرجۆنی ئەکەدییـش بـوو بـە نوێنـەری خـوا لـە سـەر زەوی و خرایـە نێـو ئەفسانەوە. کەواتـە ئـەو ئلـەی سـامییەکان کـە بـە گەورەتریـن خـودای خۆیـان دانابـوو، دوای سـەرکەوتنەکەیان بـە سـەر سـۆمەرییەکان، کـرا بـە گەورەتریـن خـودا لـە تـەواوی ناوچـەی میزۆپۆتامیا. ئـل بـە زمانـی سـامییەکان مانـای خـودای دەگەیانـد. واتـە ڕێـك مانـای اللە بـوو. ئەمـە پێـش سـەرهەڵدانی ئیسرائیـل و جوولەکـە (یەهـود) بـوو، بـەڵام پێـش ئـەوەی باسـی ئـەو یەهـودە کـراوە و ئیـتر بـوە بـەو (اللە)یـەی کـە ئێسـتا هەیـە.

ڕۆژێـك یەعقـوب بـە ڕێگایەکـدا دەڕوات و لـە ڕێـگای گەڕانەوەیـدا تووشـی پیاوێـك دێـت و ئـەو پیـاوە لەگـەڵ یەعقـوب دەکەوێتـە زۆرانبـازی، لـە ئەنجامـی ئـەو زۆرانبازییـەدا یەعقـوب قاچـی لـە جـێ چـوو، هـەر بـۆ زانیـاری نـەوە و کوڕانـی ئیسرائیـل تـا ئەمڕۆیـش ئـەو ماسـوولکەیەی گـرژ دەبێتـەوە کـە کەوتوەتـە سـەرەوەی ڕان، نایخـۆن (التکویـن 32) لـەو شـوێنی زۆرانبازییـە کـە یەعقـوب قاچـی لـە جـێ دەچێـت، ئـەو کابرایـەی زۆرانبازیـی لەگـەڵ یەعقـوب کـرد، لـە یەعقوبـی پرسـی تـۆ نـاوت چییـە، ئەویـش دەڵێـت نـاوم یەعقوبـە، کابـرا بـە یەعقـوب دەڵێـت نەخێـر تـۆ نـاوت ئیسرائیلـە، ئیـتر بـۆ یەکەمیـن جـار وشـەی ئیسرائیـل لـەو شـوێنە گوتـرا و دەستنیشـان کـرا، واتـا لـەو شـوێنی زۆرانبازییـە یەعقـوب نـاوی کـرا بـە ئیسرائیـل (التکویـن 32) پێـش ئـەو کاتـە بـە هیـچ شـێوەیەك نـاو و وشـەی ئیسرائیـل نەبووبـوو یـان بـڵاو نەبووبـوەوە... مانـای ئیسرائیـل واتـا: جیهـاد لەگـەڵ خـودا، یـان جیهـاد لەپێنـاوی خـوادا. کەواتـە ئـەو (ئیـل)ە بـە مانـای خـودا بـە کار هاتـوە. هـەر ئـەو شـوێنەی کـە یەعقـوب زۆرانبازییەکـەی لـێ کـرد و قاچـی لـە جـێ چـوو، یەعقـوب ئـەو شـوێنەی نـاو لـێ نـا پەنـی ئیـل Peni El. پەنـی ئیـل بـە مانـای ڕووخسـاری خـودا دێـت. ڕووخسـاری خـودا = Peni El پنـی ئیـل.

لـەو شـوێنەی یەعقـوب نـاوی کـرا بـە ئیسرائیل، یەعقـوب نـاوی لـە شـوێنەکە نـا پەنـی ئیـل، خـودا بـە یەعقوبـی گـوت هەسـتە سـەر بکـەوە بـۆ بێـت ئیـل، بێـت ئیـل واتـا ماڵـی خـودا، لـە ئایینـی ئیسلامیشـدا (بیـت المـال) هەیـە، کـە هەمـان ئـەو شـتەیە کـە خـودا بـە یەعقوبـی گوتـوە هەسـتە سـەر بکـەوە بـۆ بێـت ئیـل. بێـت ئیـل Beth-EL خاکـی کەنعانییـەکان بـوو (التکویـن 35)، کەنعـان کـوڕی خـام کـوڕی نوحـە، لێـرە لـەو بێـت ئیلەیـە، خـودا بـە یەعقـوب دەڵێـت، تـۆ نـاوت یەعقوبـە، بـەڵام ئیـتر نـاوت دەبێـت بـە ئیسرائیـل (التکویـن 35). کەواتـە ئـەوە یەعقوبـە کـە بـۆ یەکەمیـن جـار وشـەی ئیسرائیلـی پەخـش کـردوە. کـە ئـەو نـاوەی بـۆ خـۆی دانـاوە. کەواتـە یەعقـوب باوکـی بەنـی ئیسرائیلـە. یەعقـوب بـە باوکـی ئیسرائیلییـەکان دادەنرێـت، چونکـە ئیسرائیـل لـە یەعقوبـەوە سـەرچاوەی گرتـوە و لـە پشـتی باوکـە گەورەکەیانـە، چونکـە هەموویـان لـە پشـتی یەعقوبـەوە هاتوونەتـە دەر. هـەر لەبـەر ئەوەیشـە ژمـارەی ئیسرائیلییـەکان ئەوەنـدە زۆر نییـە، چونکـە بـە پێـی مێـژووی یەعقـوب و خاکـی کەنعانییـەکان بێـت، ڕێـك هـەر ئـەو ژمارەیـە لـە جوولەکـەکان پەیـدا دەبێـت، کـە ئێسـتا هـەن.

کە وا بێت لەبەر ئەوەیە ئیسرائیلییەکان خۆیان بە قەرزاری یەعقوب دەزانن، چونکە یەعقوب بە باوکی خۆیان و بە دروستکاری نەتەوەی ئیسرائیل و بە دامەزرێنەری ماڵی خوا دەزانن. ئیتر (ئل) پیرۆز کرا و وردەوردە هەموو ئەو ناوانەی لە دواتردا بە پاشگری ئل کۆتاییان دەهات بە هۆی ئەو پیرۆزکردنەوەوە بوو، چونکە هێزی خودایەتی بە ناوی (ئل)، (ئیل)، (ئەلیم)، یان (ئیلۆهم Elohim) ناو دەنا، ئیتر وردەوردە گەشەی کرد بۆ ناوی ئیسرا ئیل، ئیسمع ایل، ئل ئازەر (کاهینی گەورە و ڕۆڵەی هارون).

تەنانەت ناوی فریشتەکانیش هەمووی لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئیل لە لایەن یەعقوبەوە پیرۆز کراوە، بۆ نموونە تۆ بڕوانە ئەم ناوانەی خوارەوە کە هەموویان ناوی بەردەرگای یەهوە بوون. وەك:

ئسراف ئیل

عەزرا ئیل

جبرا ئیل

میکا ئیل

رفا ئیل

ئۆرا ئیل

ئووە ئیل

بە پیرۆزکردنی (ئل) وای لێ هات ئیتر ڕێزێکی زۆر تایبەتی لە ناو یەهود هەبوە، عەرەبیش لاسایی ئیسرائیلی کردەوە، کاتێك ئەم ناوانەی لە منداڵەکانیان دەنا، وەك: عبداللە، سعداللە، فتح اللە، حبیب اللە... هتد، بەڵام عەرەب تێگەیشتبوو کە ئیل (ناوی خودایە، بۆیە لە کاتی گوازتنەوەی ناوی ئیل عەرەب کردی بە اللە، ئەگینا هەر دوو وشەکە خۆی هەر یەك وشەیە چ بڵێی ئیل چ بڵێی اللە هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنیا جیاوازییەکە ئەوەیە یەکەمیان بە زمانی عیبرییە و دووەمیان بە زمانی عەرەبییە. لێرەوە وشەی اللە لە ناو فیکر و بیرکردنەوەی عەرەب وردەوردە جێی خۆی توند کرد و چەسپا. ئیتر ئەم بەپیرۆزکردنە و دۆزینەوەی ئەم وشەیە کە (اللە)یە، زۆر بەڕاشکاوی لە ناو یەکەمین ئایینی ئاسمانی کە تەوراتە، جێی بۆ کراوەتەوە و ئیتر لە تەوراتەوە وشەی اللە بوو بە وشەیەکی جیهانی و فەرمی و پیرۆز و... هتد. ئەم پیرۆزییەی ئەم وشەیە گوازرایەوە بۆ ناو ئینجیل و لەوێوەیش بۆ ناو قورئان و تا ئەمڕۆیش و تا هەتایەیش جێگای خۆی گرت و چەسپا.

هەر هۆزێك و هەر خێڵێك خودایەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، چونکە هۆزێك بۆ ئەوەی ببێت بە هۆز و خێڵ و بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆی بکان، لە ناو هۆزەکەی پێشووی دەهاتە دەرەوە و خودایەکی تایبەت بە خۆیشی دەستنیشان دەکرد. ئیبراهیم، پێش دەرچوونی لە شاری (ئوور) پابەندی نەریتی باوکی بوو، (ئل)ی بە خوای خۆی دەزانی، واتا ئیبراهیم یەکەم جار (ئل)ی ناسیوە و هەر (ئیل)ی بە خودای خۆی زانیوە، ئەمە بەردەوام بوە تا ئیبراهیم چووەتە ناوچەکانی کەنعان و دەوروبەری کێوی سینا (ئیلشەدا)ی بە خوای خۆی دانا. ئیلشەدا (خوای کوێستان)، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سینا چیایە و چیایش بۆ کوێستان گونجاوە. ئیلشەدا ئەم خودایە بوو تا هاتنی موسا، هۆزی بەنی ئیسرائیل دەیانپەرست خوا لە تەوراتدا دەڵێت: (من بە هۆی ئیبراهیم و ئیسماعیل و یەعقوبەوە ناوی ڕاستەقینەی

خۆم نەناسرام، ئەوان منیان بە ئیلشەددا ناساند)، ئیلشەدا، یەهوه، دوو خودا بوون لە دوو ناوچەی جیای کەنعان و سینا. واتا (ئیلشەدا، یەهوه) بوون بە دوو خودا، یەکەمیان ئیبراهیم ناوی نا، دوەمیشیان تایبەت بوو بە هۆزی یەهوه کە گەورەترین هۆزی ئیسرائیلییەکان بوە. تا هاتنی موسا ئەو دوو خودایە لە ناو ئیسرائیلییەکان دەپەرستران، بەڵام لە سەردەمی موسا و لە ڕێگای تەوراتەوە یەك خودا جێگیر کرا. ئەمەیش ئەوگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەیە کە بە درێژایی مێژوو، هەمیشە ژیان بەردەوام گۆڕانکارییەکی لەسەرەخۆ و هێواش هێواش بە خۆیەوەی بینیوە. لە ئایینی جوولەکە (تەورات)دا خودا ناوی یەهودا Yehovah) بوە، هۆزی یەهود لە هۆزە بەراییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك بوون. هۆزی یەهود لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خوداکانیشیان دەگۆڕان.

## ئەفسانە و ئایین

کاتێك یەکەم ئایینی ئاسمانی گەییشتە ناو گەلی ئیسرائیل، هێشتا ئەفسانە لەو پەڕی بەربڵاوی و گەشەکردنیدا بوو، چونکە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، ئەفسانە ڕۆڵی گەورەی لە ژیان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکان دەبینی، بەتایبەت لە ناوچەی میزۆپۆتامیا و میسر کە زۆرترین ئەفسانەی تێدا بڵاو دەکرایەوە، ئینجا یۆنانیش لەو بوارەوە ڕۆڵێکی زۆر دیاری هەیە. کەواتە کاتێك تەورات گەییشتە ناو کۆمەڵگا، هێشتا ئەفسانە زۆر لە برەودا بوو، بۆیە دەبینین تەورات نەیتوانیوە خۆی لە ئەفسانەکانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکان خۆی بە دوور بگرێت، چونکە تەورات لە ناو کەشوهەوای ئەفسانە، یان ڕوونتر بڵێین لە ناو هەناوی ئەفسانە لەدایك بوو، بۆیە تەورات نەیتوانیوە خۆی لە زۆربەی ئەو چیرۆکانە بگرێت کە پێشتر لە ناوچەی میزۆپۆتامیا و میسردا هەبوون، بۆ نموونە: گۆچانەکەی موسا، کە باس لەوە دەکات موسا گۆچانەکەی تێهەڵدا، گۆچان بوو بە مار، کاتێك موسا ویستی گۆچانەکە هەڵگرێتەوە، ئیتر (مار)ەکە دەبێتەوە بە گۆچان، ئەم بەسەرهاتە بە هیچ شێوەیەك ئەقڵ پەسندی ناکات و زۆر لە ئەقڵانیەتەوە دوورە. یان زیندووکردنەوەی مردوو،گوایە موسا توانیویەتی مردوو زیندوو بکاتەوە، یان وێنەی باڵندەیەکی لە قوڕدروستکراو بتوانرێت تەنها بە فوویەك بکرێت بە باڵندەی حەقیقی و... هتد. هەموو ئەمانە جێگای قەناعەتپێکردن نین ئەگەرچی لە تەوراتیشدا باسیان لێوە کراوە، تەنانەت قورئانیش پشتڕاستی ئەم چیرۆکانەی کردوەتەوە! تەنانەت خودی حەزرەتی ئیبراهیمیش، بێگومان ئیبراهیم یەکەم جار ناوی (ئەبرام)بوە. لە تەوراتدا پێی دەگوترێ ئیبراهیم واتا باوکی خەڵك. سەیرکەن تەورات چۆن پڕە لە چیرۆکی ئەفسانەیی، تەنیا نموونەیەکی نامۆ دەهێنینەوە: ئەبرام (ئیبراهیم) بەرەو خوار بووەوە بۆ میسر تا لەوێدا ئاوارە ببێت، چونکە برسییەتییەکە زۆر سەخت بوو، کاتێکیش نزیکی ئەوە بوو بچێتە ناو میسرەوە، بە سارای ژنی گوت: بەڕاستی من دەزانم کە تۆ ژنێکی ڕووخسار جوانی، بۆیە کاتێك میسرییەکان تۆ دەبینن، دەڵێن ئەمە ژنەکەیەتی، ئەوسا من دەکوژن و تۆیش

دەهێڵنەوە، تکایە بڵێ کە تۆ خوشکی منیت، بۆ ئەوەی بە هۆی تۆوە بەباشی ڕەفتارم لەگەڵدا بکەن، لەبەر تۆیش گیانم بەزیندوویی دەمێنێتەوە)، کاتێك ئەبرام هات بۆ میسر، میسرییەکان بینیان کە ژنەکە زۆر جوانە، کە سەرانی فیرعەون بینیان، لای فیرعەون ستاییشیان کرد، ئیتر ژنەیان برد بۆ ماڵی فیرعەون، ئەویش بە هۆی ژنەکەوە (سارا) بەباشی ڕەفتاری لەگەڵ ئەبرامدا کرد، ئیتر ئەبرام بوو بە خاوەنی مەڕ و مانگا و نێرەکەر و خزمەتکار و کارەکەر و ماکەر و وشتر، بەڵام خودا لێدانی گەورەی لە فیرعەون و ماڵەکەی دا، بە هۆی سارای ژنی ئەبرامەوە. ئیتر فیرعەون ناردی بە دوای ئەبرامدا و گوتی: (ئەمە چییە تۆ بە منت کرد؟ بۆچی پێت نەگوتم کە سارا ژنی تۆیە، بۆچی گوتت ئەو خوشکمە؟ من بۆ ئەوە بردم تا ببێت بە هاوسەرم، ئێستایش ئەوەتا ژنەکەت بیبە و بڕۆ) بڕوانە تەورات، التكوين12/ 11 تا 19. ئینجا ئەبرام خۆی و ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو لەگەڵ لوت لە میسرەوە بەرەو ژوور بوونەوە بۆ نەگەب. کاتێك لەگەڵ لوت پێك نایەن لوت و ئەبرام لێ یەك جیا دەبنەوە، ئەبرام لە سەر خاکی کەنعانییەکان نیشتەجێ دەبێت و لوتیش دەچێتە سەر خاکی عەدەن، دواتر بەزمی سارا و ئیبراهیم جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە و کاتێك دەچنە لای ئەبیمەلەك کە پاشای گرار بوو، دیسان ئیبراهیم دەڵێت سارا خوشکمە، بەڵام شەو خوا بە ئەبیمەلەك دەڵێت لەگەڵ سارا جووت نەبیت، ئەوە ژنی ئیبراهیمە، کاتێک بۆ بەیانی ئەبیمەلەك سارا بۆ ئیبراهیم دەباتەوە، بە ئیبراهیم دەڵێت ئەوە بۆچی ئەو کەتنەت بە من کرد من چ تاوانێکم هەبوو، بۆچی گوتت سارا خوشکە، ئیبراهیمیش دەڵێت: (بۆیە وام گوت، چونکە لەم شوێنەدا هیچ ترسی خودا نییە، لەبەر ژنەکەیشم من دەکوژن، هەروەها لە ڕاستیشدا ئەو خوشکمە، کچی باوکمە، بەڵام کچی دایکم نییە، ئیتر بوو بە ژنم). التكوين 20 / 2 تا 13 . یان سارا لەبەر ئەوەی منداڵی لە ئیبراهیم نابێت، بە ئیبراهیم دەڵێت لەگەڵ (هاجەر)ی کۆیلە جووت ببە، بەڵکوو لە هاجەر منداڵت ببێت و بەو هۆیەیشەوە دواتر منیش سکم پڕ ببێت، ئیبراهیم ڕێك وا دەکات و لەگەڵ هاجەری کۆیلە جووت دەبێت و سکی پڕ دەکات و دەیکات بە ژنی خۆی، بەڵام دوای ئەم سکپڕبوونە، سارا دەکەوێتە دژایەتیکردنی هاجەر و بە ئیبراهیم دەڵێت هاجەر دەر بکات، ئەویش بە قسەی سارا دەکات و بە ڕەوای دەزانێت سارا، ببێتە خزمەتکاری سارا. ئەمە تەنیا یەك دوو نموونە بوو، دەنا تەورات پڕە لە ئەفسانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەفسانە توانیی بەردەوام بێت تا فەلسەفە داهێنرا، سوقراتیش یەکەم کەس بوو کە فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی، هەر چەندە ئەگەر سۆفستاییەکان نەبوونایە، بڕوام نییە سوکرات دروست بووبایە، ڕاستە سوکرات دژی سۆفستاییەکان بوو، بەڵام ئەوان سوکراتیان دروست کرد. دێینەوە سەر بنچینەی بابەتەکە کاتێك فەلسەفە داهێنرا، ئەقڵی مرۆڤ ئیتر گرنگیی بە ئەفسانە و وڕێنە نەدا، وردەوردە ئەقڵ واقیعبینانەتر بیری کردەوە و چاکە و خراپەی باشتر لە یەکتر جیا دەکردەوە.کەواتە ئەفسانە کاتێك بەرەو کۆتایی چوو، کە فەلسەفە دروست بوو. ئەمەیش

مێژوەکـەی بـۆ زیاتـر لـە دوو هـەزار و پێنـج سـەد (2500) سـاڵ دەگەڕێتـەوە، کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژووی فەلسـەفەدا قوتابخانـەی سروشـتی ئایۆنـی لـە ماڵتـی سـەری هەڵـدا، کـە ئێسـتا یۆنانـی پـێ دەڵێـن. کەواتـە کاتێـك تالیـس 627 –Thales de milet546 پ.ز و ئەناكسـیمەندەر610–611/Anaximandre547 پ.ز و ئەناكسـیمینێس 523 528/Anacsimenes – 546 پ.ز لـە سروشـتیان کۆڵییـەوە، ئەقڵـی ئەفسـانەیی بارگەوبنـەی پێچایـەوە و کۆتایـی پـێ هـات، بەتایبەتـی هیراكلیتـس (478/475 – 540/544) پ.ز کـە بـە یەکێـك لـە بەناوبانگتریـن فەیلەسـووفانی تـا پێـش هاتنـی سـوكرات دادەنرێـت و یەکـەم قوتابیـی قوتابخانـەی فیساگۆرسـە و لـە فەیلەسـووفە هـەرە پایـە بەرزەکانـی یۆنانیشـە. هیراكلیتـس هـات لـە بـواری فەلسـەفە و سیاسـەت و ئـاكار و تیۆریـی مەعریفـەدا ڕۆڵێكـی گرنگـی بینـی. بـە جۆرێـك بـە یەکەمیـن داهێنـەری دیالەکتیـك دادەنرێـت. کەواتـە دەتوانیـن شـێوەی پێشـکەوتنی کۆمەڵـگای مرۆیـی، بـەم جـۆرەی خـوارەوە لـێ بکەیـن:

لە ئەفسانەوە بۆ تەورات

لە تەوراتەوە بۆ فەلسەفە

لە فەلسەفەوە بۆ زانست

هـەر وەکـوو ئۆگسـت کۆنـت دەڵێـت شـێوەی پێشـکەوتنی مرۆیـی بـە سـێ قۆناغـدا تێپەڕبـوە : ئەفسـانە، فەلسـەفە، زانسـت. کەواتـە فەلسـەفە توانیـی کۆتایـی بـە ئەفسـانە بهێنێـت.